# بارانسالاریی

دارا ئەحمەد

لەگەر بارانەک داباریم
بوومە هاوڕەوتی لێژایی و لێژاییتر..
لە بارانەک دەدوێم؛
نهێنییەکانی تەڕایی ئاوی دەزانی و
بەچاویخۆی..کاتە مێخۆشەکانی
ترپەترپی دری شەوانی شەقام و
ژۆرە پڕ سۆزەکانیشی.. دیتبوو.
وەی لەو درۆپە شووشەییە رۆشنانەی
لەبەر پێی ئاگر
دەپڕژانە سەرپەڕی گورە لاولاوەک..
سەر پەرچەم و شان و ملی
رێبواری رێی چوونە ژوانەک..
سەرباری نەرمونیانی پەپوولەکی،
شەوێدی کەپسوولی ماچەک
بنمیچی سەماگەکی تەقاندەوە
بەتەنێ باران چووە هاواریان،
ئەوشۆ تارماییەکلەجوانیی
رۆشنایی پەنجەرەکانمی تەنیەوە و
رێبوارەک لەکۆران داگیرسا
هەر بەتەنێ باران هاتە هاوارمان،
سبەیشەویش
پەیڤەکی ئاگریی.. تیچاوەک.. یەک غەمزە
هاراوی جەستەکی .. هەرماندەپڕووکێنی
هەر بەتەنێ باران دێتە هاوارمان..
لەو باغە نان و ماچەکم خوارد
لەویدی نان و بارانەک..
لەو گەردەنە پێکەک مەیم هەردا
لەویدی پێکەک نان..
تادێ پەرژینی باغەکان

لە جەستەم رووەدەچن
خەناوکەکان
لە ملانم ختمتر دەبنەوە..
تادێ دوژمنداریی من و چەتریش
فراوان و فراوانتر دەبتەوە،
ئێرانە نیشتمانی منە
لە ناوانی هەر دووەکی گۆڕەکم دەوێ..
ئەمن هەر یەک کات .. ناوانی دوو لێو
یان دوو هەر کەرخەک .. دەمخرۆشێنن؛
کە لە ناوانی دوو دڕۆپە باران
سەرمەستدەبم،
لەو لێژنەبارانە پڕتاوەش
سفرەی خۆم
لە ناوانی هەردووەک رادێخم و
بەرەو بنیبنەوەی نهێنییەکانی
تەڕایی ئاو و
دیتنی کاتە مێخۆشەکانی
ترپەترپی دری شەوانی شەقام و
ژۆرە پڕ سۆزەکانیش
لێژدەبمەوە.
دونێ لە باران دابڕام
گورزەک ئاگر گەمارۆیدام..
ئەورۆ لەگەر تەم رێککەوتم
بوومە هاوڕەوتی بەرزایی و بەرزاییتر..
ئاخ لە بەرزبوونەوە
- چ ئاوارەبوونەکە لە سۆز و تەڕایی - !
لە لەنگەری دوادواییێش
لە دوڕ هەورەکی سەرکێش و پڕ باراندا
بە شەیپووری ئاوازی با..
بە چەخماخەی برووسکان و
بە گرموهۆڕی گەواران
سەمای دوا جەنگمان دابەستا،

دەبا هەنکە هەر بزانن
ئەمن ئەندامی بارانم و
دەمەوێ بنمیچی کۆنگرەخانەکان
هەرتەکێنم..
دەمەوێ پڕ بە شەیپووری ئەندێشەخانەکان
بانگرادێرم؛
(( ئەمن ئاوم..
هەر خودی خۆم
هەموو تشتەکی زندیشم ))،
ئەمن هەنکە هەر ئەوهامە..
هەرکێی لەسەر ئاوەکانم شەڕ بەرپاکا
بە لافاوەک دەیخنکێنم،
دەبا هەنکە هەر بزانن
ئەمن گیانی رووبارانم
نێربی مێبی لۆمن یەکە
ئەوەی نەزانی ژووان چییە و
دژی یاسای دانوسانی راموسان بی..
نیگا و بزە .. ماچ و گەزە ...
هەر پەیڤەکی فەرهەنگی ئەڤین بفرۆشی
بەرەو دەریا و ئۆقیانووسان لوولیدەدەم.
ئیدی ئەمن هەر ئەوهامە..
هەر خۆم خودی بارانم و
دادەبارم،
لە یەکەمین لێژاییشرا تا لێژاییترین کونج
نهێنییەکانی تەڕایی ئاو
ئاشکرادەکەم..
سەرلەبەری کاتە مێخۆشەکانیش
لە شەقام بی یان لە کۆران
لە ژۆران بی یان لە باخچان یان لە سەربان...
- لە هەر کەرخەکی ژووان بی-
پڕ بە سکرینی درۆپە تەڕ تەڕەکانم..
پیشاندەدەم.

ئەمن ئیدی هەر ئەوهامە
ئەمن بەخۆم بارانم و
بەرەو لێژایی و لێژاییتر و لێژاییترین
باوەشی سۆز .. دادەبارم.
من
با
را
نم .

ئایار - ئەیلوولی ١٩٩٨
هەولێر

dara@emrro.com